مرۆڤی ئەمر .. بەبڕشـــــت و ڕێــــبەرە!!

● غازی حەسەن ●

ناوی تەواوی عەرەب کوری شێـخ شەمـۆیـە کورتکـراوەی ناوی (شمس الدین)ەو باپـیریشی ناوی (شێخ شامیل)ە، بە بنەچە سەربە بنەماڵەیەکی یەزیدی یە.

(عـەرەب شەمـۆ) کوری دایـك و باوکـێـکـی بەلەنگـازی کوردەو بەکـۆڵە مەرگی ژیـانیـان بەسـەر بردووە، تەنیا لەڕۆژی لەدایك بوونیشی کێشەی ژین و [illegible]و چەوسێنەران پێیان ڕەوا نەدیتووە [illegible]یار ژنە ژان گرتوەکەی هێشك بگرێت.. تا بزانێت ئەو (عەرەب)ەی ئەمرۆ دەیناسین، چۆن قاچە بچـوکەکانی لە بەیاری ژیان گیردەکات و زار بۆقیژەی بێـدارانـەی هەڵدێنێ.. عەرەب شەمۆ لەبارەی لەدایك بوونی خۆیـەوە دەگـێڕێتـەوە، ڕۆژێـك کەکـەرەك بوو لەگوندی وەدەرکەوین و ڕەنجبەریمان تەواو بوو بوو.... لەناو کۆنە پەڕۆو قوتیلکان دا پارچە کاغەزێکم دۆزیەوەو بڕیارێکی لێنووسراوی دەفەرەکی بەسەرەوە بوو. بەباوکم وت «بـاوکـە گیان دیارە پێشان مرۆیەکی گەلەك مەزن بووی، باوکم دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

ـ نا... نا کوڕەکەم، لەگەوراتی ڕەشە ولاخ و پەزان زیاتر هیچ کاتێك مرۆیەکی مەزن نەبوویمە.

بەبـاوکم وت، ئەی چۆن لەکـاغـەزەکە نووسراوە وەکی هەرچی سەرۆك و کوێخا هەنە، هەموو بەکۆمەکت بێن؟ باوکم پێکەنیو دەستی بەقسەکردن کرد.

ـ ئەوە چەند ساڵە، بەبیرم نایێت. سەرۆکی ئەو ناوە ڕوس بوو، ئەو کابرایە ماینەکی کڕیبوو نازانم لەکێهالا ماینە عەرەبیەکەی کەجوانی لەدوا دەبێت، لێ ون دەبێت. چەند گەرام و سورام ماینـە وتی قەت لێم مەگـەڕێن. کابرا بانگی کردم و وتی:

ـ مۆڵەتت دەدەم، ئەگەر ماینەکەشت نەدۆزیەوە شەرت بێ پێستی پشتت لێـك بکـەمـەوەو پڕی خوێ بکـەم. ئەوەنـدە ترسام، ناوکم کەوت. گەرام سورام ئەو دەرو وڵاتەم گێرە کرد، ماین نەبوو. ڕۆژەك بەخەمناکی بۆماڵێ هاتمـەوەو هەموو دەستمان بەگریان کرد، چەند دەردو بەڵا هەبـوو لە سەرم خڕ بووبـۆوە، گریـانیش دادی نەدەداین. پێم لەجەرگی خۆم ناو بۆ لای سەرۆك چووین و پێم وت:

ـ ئاغا، قوربان چەند سورام، گەرام کەسێك بەتەنگمەوە نەهـات، پێیان نەوتم ئەویش ئەوکاغەزەی بۆ نووسیم،

ئیتر حاڵ باشتر بوو... هەرکە سەرۆکەکان ئەم نامەییان دەدێت، کۆمەکیان دەکردم. بەو رەنگە ماینەکەم دۆزییەوەو بەلێپرسراوەکەم داوە. دەستی لەبەرۆکم بەربوو، دەرباز بووین. باوکم ماوەیەك بێدەنگ بوو، هزری دەکردەوە.. تا شتەکی وەبیربێتەوە پاشان وتی:

- هێ‌ی هێ، ئەو رۆژەی ئەو کاغەزەیان دامێ چەند دڵ پڕ لەکوڤان و رەش بووم، کورەکەم تۆ ئەورۆژە لەدایك بوویت. خەڵك پێیان دەوتم بۆ کوێ‌دەرۆیت، کورەکت بووە. منیش ئازارو پەژارەیی یەخەی گرتبووم، گوێم بەکەس نەداو بەرێ‌کەوتم بۆئەوەی ماینە بۆرە بدۆزمەوە. بەم پەرە کاغەزە زانیم کەمن لەرۆژی ٢٣ (یانڤاری) ١٨٩٧ لەدایك بووم»[1].

ژیان سەیرەو پڕ گێرەو کێشەیە، بەڵام (عەرەب شەمۆ) خێزانەکەی لەناو کەژاوەی کێشەو بەگژا چوونەوەی ژیان لەدێکانی ئەرمەنی‌و روسی‌و کوردان بەشوانی‌و گاوانی رۆژیان بەسەر بردووەو دەڵێت... «شەمۆی باوکم کوردێکی هەژاری هۆزی حەسەنی بوو، خەریکی بەخێوکردنی (دەوار) رەشەوڵاخی خەڵکی بوو، لەقەزای (سورمەلی) کەپێش تر لەوڵاتی یەریڤان بوو، ژنە گەورەکەی دەمرێت. ئەویش بەکلۆڵی لەگەڵ هەردوو کورەکەی (دەورێش و برۆ) کە گوزەرانی بۆمەیسەر نابێت. لەقەزای (سورمەلی) وەدەردەکەوێت، لەبەر نەبوونی بارگیرێك لەرێگا تووشی گەلێك چەرمەسەری هات و بەرێگاوە یەکێکیانی لەئامێز دەکردو ئەوی تریانی لەپشتی هەڵدەدا. ئەوکاتە (برۆ) سێ ساڵ و (دەورێش) دووساڵ بوو، لە لێفە کۆنەکیش قەت هیچی‌تری شك نەدەبرد[2]»..

هەربەدەردەسەریەوە، ئەم کێوو ئەم شاخیان بری. لەپەسێوی زنارو تاوێرە بەردان راکشاون و لەباوەشی بەسۆزی باوکانە پتر هیچ سۆزێکی تر نەبووە، دوو کورە هەژار... دوو کورە کورمانج گەرم بکاتەوە. تا لەگوندی (ئازاتی) لە (قارسێ).. لای ژنێکی (فەلە ـ گاوڕ) دەبێتە رەنجبەرو هەر لەو گوندەش تاقە ئافرەتی کورد دەبێت کە دایکی (عەرەب)ە دەیخوازێت، (عەرەب) بەزاری خۆی دەگێرێتەوە «دایکم لەماڵان کاری دەکرد، خوری دەشۆردو شەی‌دەکردو تەشی دەرێست و تەونی دەچنی، لەگەڵ زۆر کاری‌تر. دوو خوشکم بەناوی (چیچەك) و (گوگێ) هەبوو. باوکیشم هاوینێ بۆبەر مەڕومالات دەچوو[3]».

بۆیە (عەرەب)یش بە شوانکارەیی دەبانێت و هەرکە فام دەکات، دەبێتە دواژۆو ئاڵیکاری باوکی دەکات و لەبەر نەداریش ژیان بەگیاو گۆڵی بەهار وەرێ دەکەن و مەمرومەژی شەو دەکەنەوە. بەڵێ بزگوری ئەم ماڵە کرمانجە بەردەوام لەسەرپشتی وڵاخی بووەو هەر کەشەرتیان لەگوندێك هەڵدەهات بۆنان پەیداکردن بەرەو گوندیکی‌تر دەچوون... لەپێناو کارکردن و رەق نەبوونە لەبرسان تووشی گەلێك تیاهەڵدان و سەرکۆنەکردن بوونەو ژیانیان داستانێکی سەیرو سەمەرەیە..! گەلێك شتی ئەوتۆیان بەسەر هاتووە، هەوێنی لێکۆڵینەوەی ژیان ئەوکاتی دەرەبەگایەتی‌و گوندیەکانە.

ئەوکاتەی بەئاواتەوە بۆ گوندی (ئالێکساندرۆڤسکی) وەرێ کەوتن و لەوێ بوونە رەنجبەر، لەسەرەك کەیف خۆشی ولەلایەکی‌ترەوە دڵ گیر، چونکە کۆلاکی روسەکان زۆر دڵ رەقانە مامەلەیان لەگەڵ رەنجدەرەکان دەکرد..

تەنیا لەسەر پنجە گیاو دەغڵ بەزەمیان پێ دەکردن و تا رادەوەستان شلم کوتیان دەکردن (عەرەب) لەبارەی ئەو (ماتڤێ) ئاغایەی کەبەزمی پێکردوون دەگێرێتەوە.. «خوێنی خەڵکی هەژاری فڕ دەکردو دەیچەوساندنەوە لەوکاتەدا مردن زۆر ئاسایی بوو گەلێك کەسیش لەژێر لێدان و کوتانیان لەپیاوەتی کەوتبوو، یا توانای کاری نەمابوو. ئەوەندە دڵ رەقانە خەڵکی بێ‌دەرەتانیان ئازار دەدا باسی ناکرێت!! وەك دەگێرنەوە ئەو (ماتڤێ) یە کابرایەکی گاوانی کاسبی روسی لە (کاغدەگان) بەزیندوەتی چاوان لەتەندوری خستبوو و سووتاندبووی»[4].

(عەرەب شەمۆ) کوڕی کەژو کێوو دێیەکانی ئەو دەڤەرانە بوو، کە تروسکایی لەتیرۆژی (کارو نان) دەبینی. خاوەنی سەلیقەیەکی چاك و زمان زانێکی لێهاتوو بوو.. بەڵێ ژیان وای گەرەکەو بەئاسایی خۆی بەرێوە دەروات شەوانی گوێ ئاگردان و ڕۆژە درێژەکانی بەر مالآت ئەوەندەیتر بیرو مێشکی (عەرەب) یان ئاو دەداو بەرەبەرەش هەراش دەبوو. کاری نان و سك سانا نی‌یە، بەلآم چی لەگەڵ نەبوونی دەکرێت، ئەم ماڵە کوردە دەربەدەرو هەژارەش بەوە رازیبوون بەگاوانیو شوانی بەرێوە بچن. (عەرەب) دەگێڕێتەوە «هەرکە لەگەڵ بەیانیان مەڕومالآتمان دەردەکرد، لەبەر دەرگاکانمان دەنۆڕیو چاومان چر دەکردەوە، تا بزانین کەسێك لەئافرەت وخاوەن ماڵەکان بەزەییان پێمان نایێتەوە، تیکە نانێکمان بدەنێ. کەزۆر جاریش بەپارانەوە هاوارمان دەکرد لەراهی خودا پارووە نانێکمان بدەنێ[٥]». هێ.. هێ خزمینە بەر دەری سەدان ماڵ و دەولەتی گرتووە تا هیچ نەبێت، ڕۆژیتر لەپەساری زنارێك وکاولە خانوویێك رەق نەبێتەوە بێئەوەی کەس هەست بەنوزەی بکات... ئەو دەرگاو دەرگا گەراوەو دەستی لەگەروی هەموو قەمتەرەیەك گیرکردووە... ئێخوایەو یەکێك سکیبەم زارۆیە بسووتێو بەرەنجبەری رایگرێت. ئەمجارەش سکی برسی لەشەقەی باڵی دەداو لەبەردەری کابرایەکی کوێخاو دەولەتی ئۆقرە دەگرێت و کابرا پێی دەڵێت «تۆ زارۆیت، هێشتا هەراش نەبوویت، ئەو نانەی زستانێ بەتۆی دەدەین، بەقەدەری کارەکەت نابێ، برۆ باوە برۆ شەرت لەخێرت زیاترە[٦]».

«هاوارتە لەمن هەیش» سەرباری ئەوەی بە نان و سك دەیگرێت و کورە بەلەنگازو ساواو دەست و قاچ باریك و هێزلێبراوەکانی کوردەواری بە هەموو شتێك رازییە، کابرای خاوەن ماڵیش بە توورەییەوە پێی دەڵێت «کورۆ بەو مەرجە تۆ دەگرم، هیچ هەقێکت نادەمێ تەنیا بە نان و سك بەخێوت دەکەم[٧]». عەرەبی منداڵ و هەژار ئەگەر هەرچی هاتبێتە پێشێ لێی نەپرینگاوەتەوە تەنیا ئابرو نەبێت... ئەمجارەش لەم ماڵە دەولەمەندە کوڕی کابرا بە ناچارییەوە دزی پێدەکات و ئەگەر نا هەرەشەی دەرکردنی لێدەکات... ئای ناخۆشە بکەویتە سەر دوو ڕیانێك و هەردووکشیان بەرەو ڕەوەزی هەزار بە هەزارت ببەن. کوڕی (ماتڤێ) ئاغاش، ئاغایەکی تری (عەرەب) بوو چاوی لێسوور دەکردەوە کە هێلکەو ئاردو ڕۆنی بۆ بدزێ.. ئای لەرۆژگار کوڕی ئاغا لە ماڵی باوکی دزی پێ دەکات... عەرەبی برسیو بێتاوان هەر بۆی دەبێت و کوردواتەنی «نسکۆ شانی گرتووە..!!». ئەمجارەشیان کار ئاشکرا دەبێت و لەبەر قەمتەرەی حەوشە ئاغا دەیگرێت و دەردەسەری پێدەکات.. بەلآم عەرەبی ڕاستگۆو برسی چی دیوە ئاوەها قسەکە دەگێڕێتەوە. بۆیە کابراش دوای بەزم پێکردنی، تا شەرتەکەی تەواو دەبێت لای خۆیی دەهێڵێتەوە.

هەر بەرێکەوتیش مامۆستایەکی ئافرەت لە گوندەکەیان لە ڕاستی (عەرەب) دێت و بۆ قوتابخانەی دەبات و تا بەردەستیان بکات. (عەرەب)یش تامەزرۆی ئەو ژینە دەبێت و هەرلای ئەو ئافرەتە مامۆستایە دەست بە خوێندن دەکات.. سەرباری ئیشی زۆری قوتابخانەو بە سەروبەر داهاتنی مامۆستاو خزمەت کردنیان.. عەرەب هۆگری ئەو پەیکەرو وێنانە بوو کە بە دیواری قوتابخانەکەوە هەڵواسرابوون. سەرەتا لێیان دەترساو دوای بەرەبەرە لە گەڵیان ڕاهات.

دیارە لێرەش لەنێو منداڵە دەولەمەندەکان بە چاوی (باوك کوشتە) سەیریان کردووە، پێیان ڕەوا نەدیووە دەگەڵیان بخوێنێت و زۆر ئازاریان داوە دەگێڕێتەوە «هەر چەندە جلەکانم پاك و نوێ بوون، بەلآم منداڵی ڕوسەکان وەکو جاران ئاسا بێزیان نەدەهات لەگەڵم لەسەر تەختێك دانیشن و دەیانووت... هەی.. هەی عەرەبی بۆگەن و شوان و گۆلکەوان لەتەنیشتمان دانیشێ. جوانە، ئێمە لەتەنیشت گۆلکەوانان دانانیشین[٨]». مامۆستاکەش بە ناچارییەوە بەتەنیا لەسەر تەختێکی دادەنا.. چۆن ڕقیان بەرامبەر ئەو

خەڵکە هەڵنـاستێت کە بەردەوام لەبەر کارو نەبوونی بواری خوێنـدنیـان بۆ هەڵنـاکـەوێت، وەکـو عەرەب شامـیـلۆف لەم بارەوە «لەمـەڕ نوتـەکـە چاوی نەخوێندەواری دەڵێت «من تاقە خوێندەوار بووم لەناو کوردەکانی پشت قەفقاس دا...»[۹].

کە شەڕی جیهـانی یەکەمیش هەڵیاسا، عەرەب شامیلۆف بەرەو شار وەردەچەرخێو بۆ (قارسێ) وەڕێ دەکەوێت. کورە گوندی نامۆکە لەگەڵ کاروانچیان هەی پێی لێدەکـات. هیـوایەکی گەورەشی لە دڵابوو، بەڵام چاوێکی هەر لای دایـك و باوکـە هەژارەکـەی بوو... لەشاریش ژیانی دژوارو کاری وەدەست نەدەکەوت. لە خانێـك دا لەبـەری نووستن تەوێلەی هێستری خاوێن دەکـردەوە. هەر ئەو کاتـە بەرەو کۆنـە دێی (ئالێکساندرۆڤسکی) ڤەدەگەڕێ، چونکە لەوێ کارگەی (خەلوز) کرابۆوە. ئێ خوایە کارێکی وەچەنگ بکەوێت. تازە شەڕ دەستی پێکرد بوو.. عەرەب هەر لە دێکاری دەکردو فێری ئەم کارەش بوو. لەپایزی ساڵی ١٩١٤ ئەو کاتـەی سەربـازی قازاخی لەو دەڤـەرەی کە کارگەی خەلوزی لێبوو، هێور دەبنەوەو دۆستایەتیان لەگەڵ پەیدا دەکات و سەرنجیان رادەکێشێت، هەر کە هەست دەکەن عەرەب زمانی کوردیو تورکیو ئەرمەنیو رۆمیو روسی دەزانێت، کاکە پاروی دەکەوێتە رۆن و دەبێتە وەرگێڕ. دوای ئەوەش لەتـرسی کوشتن بە تەنیـا زنارو زۆزان و هەڵەت و کێوەکان دەبڕێو بەرەو گوندی (قرنە فەرێ) دەگـەڕێتـەوە. لەماڵی پوری دەمێنێتەوەو لەوێ تەماس لەگـەڵ سەربـازی روسـەکان لەگوندی (ساریبلاخێ) دەگرێت و لەگەڵیان دەبێتە وەرگێڕ. هەر لەوێش ئەشقی (کارێ)ی کچە پوری دەبێت، تا ساڵی ١٩١٥ کاردەکات و پارەیـەکـی چاك پەیـدا دەکـات و بەدەمـی باوکی (کـارێ)ی وەدەکـات. بەڵام دیارە باوکی کارێ دەبێتە بەکرۆکەو ئاقیبەتیشی بە خراپی دەگەڕێتەوەو بەرێکەوت کابـرا (باوکی کارێ) بەدەستی عەرەب دێتە کوشتنێ. بۆیە بە ناچاریەوە ئێرەش بەجێ دەهێڵێت و بۆ ماڵی باوکی دەزڤرێتەوە.

لە (شـاری قامیشێ) لەناو کارگەدا زۆر کرێکار دەناسێت و پەیوەندیان لەگەڵ پەیدادەکات و فێری وانەی خەبات و تێکۆشین دەبێت و لەگەڵیان دەست بە خەبات دەکات و هەر لەم ناوچە دەگیرێت و زیندانی دەکرێت، بەڵام دیارە باوەڕ ناکەن کە کورد ببێتە بۆلشەڤیك، بۆیە دوای لێـدانێکی زۆر ئازاد دەکـرێت. ئەمـە سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بوو لە ژیانی عەرەبی شەمۆ... چونکە لێرە مێشکی کرایەوەو ئەو شتانەی دەیخوێندەوە رۆژانە لە دەردو کوڵی خۆی هەڵیـدەهێنجـاو بەچـاوی خۆی بینیبـوونی. بۆیـە زۆر دڵێرانەتر پەرەی بەم سەرەتایە دەداو دوای بۆ ناوچـە کوردنشینـەکـان دەگەڕێتەوەو دەسـت بەخـەبـات و بڵاوکـردنـەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازی دەکات، تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

لێپرسراوو ئاغاوکە دخوردی دێو شارەکان پێیان سەیر بووە کە کوردەکانیش لەم رۆژانە بزاڤێکیان بە نێو کەوتبـوو، جوولە جوولیـان دەکـرد... تەنیا وتیانە «بۆ کوردیش ئەم جۆرە قسانە دەزانن؟!!». عەرەب بەزاری خۆشی دەڵێ کە پۆلیس بینیان من کوردم بۆچوونیان وەها بوو کە کورد نابێتـە بۆلشـەڤیك، بۆیە بڕیاریان دا کە باشچاوەشە هەرە دواکەوتوەکان لێم بدەن»[۱۰] دوای ئەوە لە گوندیش تەنگی پێهەڵدەچنن و سیخوڕو پیاوە ئامێرە ئاساکانی دەولەتی قەیسەری بەدوایدا دەگەڕێن. بەرەو کێو دەکەوێتە رێگاو ئەمجارە دەست بەشەڕی پارتیزانی دەکـات و قوڵ لە خەبـاتێکی سەخت تر هەڵدەکات تا سەرکـەوتنی شۆڕشی ئۆکتـۆبـەر بەردەوام دەبێت. لەو ماوەیـەش کە بەکـاری پارتیزانی نێردرا بوو چاوی بە (کـیرۆڤ) سەرکـردەی شۆڕشی دەکـەوێت و ناسیایو لەگەڵ پەیدا دەکات.. دەبێت (عەرەبی شەمۆ) ئەم هەموو بینەو بەردەی بۆچی بوو بێت؟! با خۆی بێتە گۆ.. «لە تەمـەنی دوانزە.. سێزدە ساڵدا کە هەندێکم خوێندو فامـم کرد، دیم هەمـوو میللەتـان بەهـەقی خۆیـان

گەیشتوون، تەنیا کوردنەبێ، هەژارو بێچارە ماوەتەوە، پێم وابوو وە ئێستاش پێم وایە بیرو باوەری کۆمۆنیزمی چاکترین ریگایە بۆ رزگار بوونی نەتەوەکەم، بۆیە ئەو ریگەیەم گرت[11]».

لە سالی ١٩٢٠ ـ ١٩٢٤ لە مۆسکۆ خوێندویەتی‌و پاشان لە سالی ١٩٢٤ بۆ یەریڤان گەراوەتەوەو لەسالی ١٩٣٢ بۆ لینینگراد چووەو لە بەشی دکتۆرای (ئامۆژگای مێژووی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەتی) بووەتە قوتابی.. سالی ١٩٣٧ کاتی پێشکەش کردنی نامەی دکتۆراکەی بەناهەق و لەخت وخۆرا بە تاوانی «سەردەمی پاراستنی تاك رەوی» لە یەکێتی سۆڤیەت رەوانەی سیبریا دەکرێت و (٢٠) سالی رەبەق، تا سالی ١٩٥٧ تەمەنی لەوێ بەسەر دەبات.. ئەو کاڤە بەشداری دروست کردنی هەموو هێلە ئاسنینەکانی سیبریا دەکات. لەسالی ١٩٤٦ لەسیبریا ژن دەهێنێت و هەر لەوێ سێ کچی دەبێت (ڤیرا) ١٩٤٦ و (ئاسێ) ١٩٥٢و (زینێ) ١٩٥٤.

د. کەمال مەزهەر نووسیویە «چیرۆك نووسێکە کە تا ئێستا ئەدەبی کوردی هاوچەرخ وێنەی بەخۆوە نەدیتووە، هەروەها تاکە چیرۆك نووسی کوردیشە کە گەیشتۆتە ئاستی ئەدەبی جیهانی. کارەکانی بۆ زمانی سۆڤیەتی‌و ئەورووپی وەرگێردراون و بەسەدان هەزار دانەشی لێ چاپ کراوە[12]».

عەرەبی شەمۆ چەند جار خەلاتی بەرکەوتووە، لەسالی ١٩٧٧دا ئاهەنگێکی ریز لێنانی گەورەی بەبۆنەی لەدایك بوونی هەشتایەمین سالەی بۆ گێردرا... پێش ئەوەش کۆبوونەی یۆبیلی ٧٥ سالەی لەدایك بوونی بۆکراوە.. عەرەبی شامیلۆڤ «نووسەرو زانایەکی بەناوبانگەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی، کابرایەکی کۆمەلایەتی بە برشت و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بووەو لە سالی ١٩١٨ را[13]». شەمۆ لەلایەن دەولەتەوە ریزێکی زۆری لێنراوە، هەر زوو لینین دیویەتی‌و لەبارەی کوردەوە گفتوگۆی لەگەل کردووە. شامۆ تاقە کوردە کە لە کۆنگرەی سێیەمی (کۆمێنترن) بەشدار بووە[14].. بەلام سەد حەیف و مەخابن سالی ١٩٧٨ لە کاروانە سەختەکەی ژیان، کۆتری مرازی بالی ئارام لێك دەداو بۆ بارەگای مردن دەفرێت... هەتا هەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە.

★ بەرهەم و کارە زانستیەکانی عەرەبی شەمۆ ★

ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەی لەخوارەوە ناویان ربست دەکرێت بەزمانی کوردی نووسیویەتی‌و بۆ زۆر زمانی روسی‌و گورجی‌و ئەرمەنی‌و ئاسوری‌و ئازربایجانی‌و فەرەنسی‌و ئەلمانی‌و ئینگلیزی‌و عەرەبی وەرگێردراون.

١ـ شڤانی کورد ـ ١٩٣٠، رۆمانێکی کورتە سالی ١٩٦٩ بۆ روسی وەرگێراوەو سەد هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. سالی ١٩٣١ چاك کراوەو سالی ١٩٥٧ کراوە بە گورجی‌و بۆ ئەلمانی‌و فەرەنسی‌و ئەرمەنیش وەرگێراوە.

٢ـ رەبەن ـ ١٩٣٠، چیرۆکێکی شانۆیی‌یە.

٣ـ کوردی ئەلەگەز ـ ١٩٣٦

٤ـ بەر بانگ ـ ١٩٥٧

٥ـ ژینا بەختەوەر ـ ١٩٥٩ بۆ روسی وەرگێردراوەو سێ جار چاپ کراوە (٣٠٠) لاپەرەیە لە سالەکانی ١٩٦٥و ١٩٧١و ١٩٧٤دا. (٧٥) هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

٦ـ کوردی ئەرمەنستان ـ ١٩٦١، سیناریۆ بۆ سینەما.

٧ـ قەلای دمدم ـ ١٩٦١، رۆمانێکی مێژوویی‌یە، لەسالی ١٩٦٩ کراوە بەروسی‌و (٣٠) هەزار دانەی لێ چاپ کراوەو لای خۆشمان مامۆستای هێژا شکور مستەفا کردویە بە کرمانجی خواروو کۆری زانیاری کورد بەچاپی گەیاندووە.

٨ـ حەکایەتی خەلکی کورد ـ ١٩٦٧.

٩ـ کۆکراوەی بەرهەمەکانی عەرەبی شەمۆ ـ ١٩٦٩.

١٠ـ لە بابەت مەسەلەی دەرەبەگایەتی لەناو کوردان[15] کۆکراوەکانی «مەسەلەی مێژووی کۆمەلی پێش سەرمایەداری»، لینینگراد، ١٩٣٤، ژمارە (٩ـ١٠)، ل ١١١ـ١٣٤.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٣٦ لەیەریڤان بەزمانی ڕوسی چاپ کراوە.

١١ـ چەند د. استانێکی میلی کوردی ـ ١٩٧٢، بە ڕووسی دایناوە، (٣٠٠) هەزار دانەی لێ چاپ کراوە، بۆ منداڵانە.

١٢ـ ژیانی لینین ـ ١٩٣٠، دوو هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

١٣ـ مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ـ ١٩٣٠.

١٤ـ کۆڵخۆزو کەلکی بۆ جووتیاران ـ ١٩٣٠، دوو هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

١٥ـ هالاو[16] ـ ڕۆمان.

★ وتارو نووسینە زانستیەکانی ★

وەکو دەزانرێت عەرەبی شەمۆ گەلێك وتاری زانستی بڵاوکردۆتەوەو ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی چاکی لێکۆڵینەوەی زانستین لەخوارەوە ئەوەی دەستمان پێراگەیشتبێ ڕستی دەکەین.

١ـ لەناو کوردان ـ لەنامەی کوردێکی حیزبی، ڕۆژنامەی (زاریا ڤۆستکا ـ گزنگی خۆرهەلات) تفلیس، ١٧ی نیسانی ١٩٢٤.

٢ـ لەناو یەزیدیان ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٤، ژمارە (٦٠٢)، لاپەرە (٣). لەبارەی پێداویستی هەڵسان بەهەڵەتێکی ڕێکخراوەیی و پەروەردەیی لەنێو یەزیدیەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری و لەنێوبردنی نەخوێندەواریدا

٣ـ کاری حیزبی لەناو یەزیدیان ـ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ موستەشاری لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان عەرەبی شەمۆ، (گزنگی خۆرهەلات) ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٤.

٤ـ دژی یەزیدیان لە ئەرمەنستان ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ٨ی نیسانی ١٩٢٥، ژمارە (٨٤٥)، ل ٤. (جێگرکردنی یەزیدیەکان لە ناوبردنی نەخوێندەواری ڕزگارکردنی ئافرەتی یەزیدی).

٥ـ دژی یەزیدی ـ «ڕاپۆرت بۆ پلێنۆمی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا»، ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٥، ژمارە (٩٠٦)، ل ٣. دەربارەی پێداویستی بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری لای کوردە یەزیدیەکان.

٦ـ دژی کوردی یەزیدی ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١٩ی تەموزی ١٩٢٥، ژمارە (٩٣٠)، ل ٤.

٧ـ لە گەشتی کوردستان ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١٢ی ئەیلولی ١٩٢٥، ژمارە (٩٧٥)، ل ٣. مەبەستی لەناوچە کوردیەکانی (ئازربایجان و لاچین و کەلبەجار)ە کەلەوێ کوردستانی پێدەڵێن.

٨ـ یەزیدیە کۆچەرەکان ـ نامەیەك لە ئەرمینیاوە، ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات) ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦، ژمارە)١٠٧٨)، ل ٣.

٩ـ ئەنجامی کۆنگرەی کوردی ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١١ی حوزەیرانی ١٩٢٦، ژمارە (١١٩٨)، ل ٢. دەربارەی کۆنگرەی کوردەکانی ئەرمەنستان کە لەوساڵەدا بەسترا بۆ لێدوان لەچاك کردنی باری کشتوکاڵ و ژیانی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئەلفباو نووسینی کوردی لەناو کوردەکان دا.

١٠ـ بێلاقی ئەگماگانی (هاوینەهەواری ئەگماگان) ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١٦ی مایسی ١٩٢٦.

١١ـ داشناك و کوردو بەریتانیا ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ١٠ی تەموزی ١٩٢٨، ژمارە (٥٥٣)، ل ٤. دەربارەی پێداویستی هەڵسان بەهەڵەتێکی پەروەردەیی لەنێو کوردەکان بەتایبەت ئافرەتی کوردو لەناوبردنی نەخوێندەواری.

١٢ـ ئەلفبای کوردی بەلاتینی ـ ڕۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلات)، ٢١ی تەموزی ١٩٢٨، ژمارە (١٦٨)، (١٨٣٤)، ل ٢.

١٣ـ نووسین و ئەدەبی کوردی ـ ڕۆژنامەی (گزنگی

خۆرهەلآت)، بەزمانی ئەرمەنی.

١٤ـ ئەلفبای کوردی تازە ـ بەزمانی ئەرمەنی، یەریڤان، ١٩٢٩.

١٥ـ کوردی قەفقاس ـ گۆڤاری (شۆرش و خوێندەواری)، مۆسکۆ، ١٩٣٠، ژمارە (١٥ـ١٦)، ل ٨٦ـ٨٩. لەبارەی کورد لە روسیای قەیسەرییەو دامەزراندنی کۆمەلگای کوردی هاوچەرخ پاش شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی.

١٦ـ لێکۆلینەوە لەخوێندەواری لەناو کوردانا ـ رۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلآت)، ١١ی ئابی ١٩٣٣، ژمارە (١٤٨)، ل ٤. دەربارەی گەشتی خوێندەواریو لێکۆلینەوەی ئامۆژگای نەتەوەکان بەسەرۆکایەتی عەرەبی شەمۆ، لەناوچە کوردیەکانی ئازربایجان و گورجستان و ئەرمەنستان بۆگەیشتن بەئامانجی یەکخستنی کورد لە ولآتی سۆڤیەت دا.

١٧ـ لەبابەت ئیزافەتەوە لەزمانی کوردی ـ گۆڤاری (شۆرش و نووسین)، ژمارە (١)، سالی ١٩٣٣، ل ٥١ـ٥٦. بەهاوکاری لەگەل (کوردۆییڤ و تسووکەرمان نووسراوەتەوە).

١٨ـ لەبابەت مەسەلەی تیپی دەنگداری «ا» لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (شۆرش و نووسین)، مۆسکۆ ـ لینینگراد، بەشی (١)، ١٩٣٣، ل ١٧٩ـ١٨٠. بەهاوکاری (نووسکەرمان نووسراوەتەوە).

١٩ـ مەسەلەی نێرو مێ لەزمانی کوردیدا ـ گۆڤاری (شۆرش و نووسین)، بەرگی (١)، مۆسکۆ ـ لینینگراد، ١٩٣٣، ل ١٦٠ـ١٧٨.

٢٠ـ ئیملای کوردیو ئەدەب ـ بەزمانی ئەرمەنی، یەریڤان، ١٩٢٩.

٢١ـ دەربارەی کۆنگرەی لێکۆلینەوەی کوردەکان ـ گۆڤاری (مێژوی کۆمەلگای پێش سەرمایەداری)، لینینگراد، ١٩٣٤، ژمارە (٩ـ١٠)، ل ١٩٣ـ١٩٤. (بەهاریکاری ڤیلچیڤسکی) نووسراوەتەوە.

٢٢ـ دەروێشی کورد ـ گۆڤاری (ئیتینست ـ مۆسکۆ) کانوونی یەکەمی ١٩٣٠، ژمارە (٥٩)، ل ٤١ـ٤٦.

٢٣ـ لەنێو یەزیدیەکان دا ـ (ئەرمینیا ـ لینینکاسکی)، رۆژنامەی (گزنگی خۆرهەلآت)، ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦، ژمارە (١٠٨٣). ل ٤.

سەرچاوەو پەراوێز

١ـ عەرەبی شەمۆ، بەربانگ، ١٩٥٨، یەریڤان، ل ١١٤ـ١١٧. ئەم رۆمانە بەکوردی بەپیتی سلافی چاپ کراوە.. باسی ژیانی خۆی دەکات.

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣.

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥.

٤ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

٧ـ هەمان سەرچاوە.

٨ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

٩ـ د. کەمال مەزهەر، کام رێگا، گۆڤاری بەیان، ژ (٨)، ١٩٧٢ ل ٨.

١٠ آ. شامیلۆف، حول مسألة الاقطاع بین الاکراد، ترجمة ومقدمة د. کمال مظهر أحمد الطبعة الثانیة، الحوادث، بغداد، ١٩٨٤. ل ٢٢.

١١ـ د. مارف خەزنەدار، عەرەبی شەمۆ، رۆژی کوردستان، ژ (٦)، سالی (٢) ١٩٧٣ ل ٣٥.

١٢ـ آ. شامیلوف، حول مسألة الاقطاع بین الاکراد، ل ٢٦.

١٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

١٤ـ د. کەمال مەزهەر، کام رێگا، گۆڤاری (بەیان)، ل ٩.

١٥ـ د. کەمال مەزهەر وتیەتی «عەرەب شەمۆ خاوەن یەکەم کتێبی زانستی‌یە لەبارەی دەرەبەگایەتی‌یەوە لەناو کورددا... لەم کتێبەدا شامۆ وەك زانایەکی بەتوانا خۆی‌پیشان داوەو گەلێك رووی ئالۆزی ئەم باسە گرنگەی زانایانە شی‌کردۆتەوەی بروانە گۆڤاری بەیان ژمارە (٨)، ل ٨.

١٦ـ بۆ زیاتـر ڕوون کردنـەوەی ئەم ڕۆمانە وا چاکە نامەکەی عەرەبی شەمۆ وەکو خۆی ڕێنوس بکرێتەوە کە بۆ د. مارف خەزنـەداری ناردووەو ئەویش لە گۆڤاری ڕۆژی کوردســتــان لە ژمــارە (٦)ی ١٩٧٣ بڵاوی‌کـردۆتەوە.. چونکە ئەم نامەیە تا ڕادەیەکی زۆر ناوەڕۆکی عەرەبی شەمۆو وەدیار دێخێت. ئەمەش دەقی نامــەکی‌یــە «من هیــچ شتێـك لەتـۆ ناشــارمــەوە، تۆ خۆشەویستی هەموونی مارفی ئازیز. ئێستاکە ڕۆمانێکی تازەم لەژێر چاپ دایە، ناوم ناوە «هالاو» لەڕۆمانەکەدا ئەوە دەگـێڕمەوە کە چۆن شۆڕشی ئۆکتۆبەر شەرەفێکی گەورەی بەزەوی ئێمــە بەخشی، کەس ئەو شەرەفــەی وەرنـەگرتووە، کە نووسەرانی ڕووس ناوی ڕۆمانەکەی منیان بیست، ووتیان ئێمە بۆ ئەوە نەچووین، کەشۆڕشی ئۆکتـۆبــەر بکەین بە هالاوێك هەموو ڕووی زەوی پێ ڕووناك بکەینەوە.. لەم ڕۆمانەدا ئەوە دەنووسم کە چۆن ئەم هالاوە هەمــوو شاخــە سەختەکانی بڕیو گەیشتە کوردستان و چۆن ئەحمەدی هەریری نامەی بۆ لینین نووسی‌و چۆن لینــین وەلامی دایــەوە. وەچــۆن کورد ڕاپەڕیو دەستی‌کرد بە شۆڕش. شۆڕشی یەکەم لەئێران هەڵگیرسا، فەرماندەی ئەم ڕاپەڕینە سمایل ئاغای سمکۆ بوو، داوای سەربەخۆیی کوردستانی لەشای ئێران کرد، بەلام شای ئێران کەوتــە جەنـگــەوە لە دژی خەڵکــی کوردستان. ئەم ڕاپەڕینە ماوەییکی زۆر بەردەوام بوو. بەلام لە دووایی‌دا شای ئێران ڕاپەڕینەکەی لەناو خوێنی کوردو سمکۆدا خنکاند.

لەپاش ئەمە شێخ سەعید دەستی‌کرد بەشۆڕش لە دژی تورك، لەشکری شێخ سەعید بێ ژماربوو، جگە لەکـورد ئەرمەنی‌و ئاسووریشی تێدابوو، سوپای شێخ سەعید وان و مووش و دەشت و دۆڵەکانی ئەلاشکرت و مەلاز گەردی گرت، چووە ناو بیـدلیســەوە، تورکـەکان کەوتنــە مەتـرسی‌یـەوە بەتــایبــەتی کە شێــخ سەعیـد لەئــەنــەدۆڵ نزیـك بووەوە، لەو کاتەدا سەرۆکی تورك مستەفا کەمال پاشا کەوتە خۆ ویستی بەفێڵ چارەیێك بدۆزێتەوە نامەیێکی بۆ شێخ سەعید نووسی:

خۆشەویستم شێخ سەعید:

«ئێوە لەسەر هەقن، ڕاستە دەبێ کورد ئازادی‌ی هەبێ، بەلام تکات لێدەکەم کە تەنیا مۆڵەتی دوو هەفتەم بدەی، بۆ ئەوەی بیربکەینەوە چۆن ئەم ئازادی‌یە بۆ کورد جێبەجێ‌بکەین». شێخ سەعید باوەڕی بەمەکرد، بۆیە ڕاپــەڕینــەکەی وەستاند، لەم ماوەیەدا مستەفا کەمال لەشکـرێکی گەورەی ئامادەکردو بەیانیێك لەپڕ بەسەر ناوچەکانی کوردستانی تورکیای دادا، تەنیا لەو کاتەدا شێخ سەعید لەفێڵی تورك گەیشت، بەرهەڵستی‌کرد بەلام بێســوود بو. بەم جۆرە ئەم شۆڕشــەش بەئــامــانــج نەگــەیشت، سەرۆکــەکــانی خنکێنران، گەلێ بنەماڵەی کورد ئاوارەکران و زمانی کوردیش قەدەغەکرا.

بەلام ئەم هالاوە نەکـوژایــەوە ڕووناکی گەیشتە کوردستــانی خوارو، لەساڵی ١٩٢٠دا شێخ مەحمود سەرۆکایەتی شۆڕشی کرد، لەپاش ئەویش هەر بەردەوام بوو، ڕۆمانی هالاو ئەم ساڵ دەکەوێتە دەستی خوێندەوارانی‌یەوە.

١٩ی ئاغستۆسی ١٩٧٣.

هەروەهــا د. مارف لەهەمان سەرچاوە دەبێژێت «دەبێ خەریکی کارێکی‌تر نەبێ!! بێ‌گومان خەریکە، با تەمــەنیشی بۆهــەشتــا بڕوا، وەکـو خۆی لەنامەکەی‌دا دەنـووسێ... ئێستاکە خەریکی نووسینەوەی ڕۆمانێکە ناوی «دێی ئێمە»یە.».

١٧ـ نجاة گەردی (عەرەب شامیلۆف ١٨٩٧ـ١٩٧٨)، بەیان ژمارە (١٠٥)، ئاداری ١٩٨٥. ل ٢٢ـ٢٥.

١٨ـ عەرەبی شەمۆ، شڤانی کورد، وەرگێرانی لەفەرەنسی بۆ کوردی نورەدین زازا... بەپیتی لاتینی‌یــە. ئەمەش وەکــو بەربــانـگ باسی ژیانی خۆی دەکات. ئەم کتێبە کراوەتە ڕوسی‌و دوایی فەرەنسی.

○